کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
11-11-2007 0:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ کۆرپەی جەرگم پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ... خالید عەلی فەرەج**

**سوید**



کۆرپەکەم ڕۆڵە گیان

نالەباری بارودۆخی من کە گەلەکەی تۆم وای لێکردم ئەم نامەیەت بۆ بنوسم کە تۆ و براکانت لەپیناوی مندا باسکی شەرەفتان لێ هەڵکردووە خەبات دەکەن هەواڵی منیش هەروەك جاران وایە، بێکەس و بێپشتیوانم بەدرێژایی مێژوو نەتوانراوە هەنگاوێك بۆ باشتر کردنی ژیانم بنرێت، تۆیش یەکێکی لە ڕۆڵەکانم و لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازیت نییە، بەتایبەتی لەم کاتەدا نازت زیاتر دەکێشم دەست دەهێنم بەسەرتا و هەستی شۆڕشگێرانت لە هەناوی خۆم دەنێم.

باووباپیرانت بە چەندین جۆر زمانی خەباتیان گۆڕیوە و چەندین شێوەی خەباتیان بۆ ڕزگارکردنی من کردووە بەڵام داگیرکەرانم لە ئێوە بەهێزترن و تەنها ئەم جارە لە ژیانی خۆمدا و لە بەشێکی جەستەمدا بەم کامەرانی‌یەی ئێستا دەژیم کە تۆیش هەستی پێ دەکەیت و گلەیی لە دیموکراتیە پیادە کراوەکەی دەکەیت، کە ئەوەش مافێکی خۆتە ڕۆڵە گیان.

بەڵام لێگەڕێ با دەرگای دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە و باش گوێم لێ بگرە، بیانووی ئەو دوژمنانەی کە تۆیان شپرزە کرد هەر ئەوانەن کە 90 ساڵە من شپرزە دەکەن و تەنها ئێستا توانیومە هەناسەیەك هەڵبکێشم و کەمێك پشوو بدەم بەڵام هەروازم لێ ناهێنن و دەیانەوێت نینۆکم نەبێت سەری خۆم بخورێنم و هەر ڕۆژەی بیانوویەك دەدۆزنەوە بۆ گەڕانەوەم بۆ ژێر چەپۆك و ئامێزیان بەڵام ئێوە وریاتر بن و ماوە مەدەن و هیچ کەلێنێك دروست مەکەن کە ئەوان بتوانن بیکەنە فرسەتی شەیتانانەی خۆیان بۆ دەست خستنە ناوتان و دووبەرەکی بخەنە نێوانتان، هەموو بیانوویەکیان ببڕن و دان بەخۆدا بنێن تا کەمێك پشووی تر دەدەم و دەمهێننە ئاستی گەلانی تر و توانام دەبێت پشتیوانیتان بکەم، جا ئەو کاتە سوێن بێت بەو ناوە شیرینەم کە کوردستانە دەبمە پشتیوانی هەرهەمووتان وەك یەك بەبێ جیاوازی و سەری هەمووتان دەنێم بە سنگمەوە و بەجوانترین شێوە پەروەدەتان دەکەم، لێم گەڕێن با بوونم هەبێت جا ئەو کاتە سوێند بێت بەناوی شیرینم بە شیری خۆم کە لەهەموو هاوشانەکانم خۆشتر و بەتامترە و چاویان تێبرِیوم بە ئاسوودەترین شێوە بتانژیەنم، بیانووی بێگانەکانم ببڕن و دان بەخۆتاندا بگرن و مەبنە هۆی کولانەوەی برینەکانم و هەرکە سارێژ بوون سوێند بیت ئەمە بکەمە لاپەڕەیەکی ڕازاوەی مێژوو و کە هەرچەندە مێژوویەکی تاڵە بەم هەڵوێستانەتان شیرینی بکەم و وەك وەفایەك بۆتان بنوسم.

نارەزایی دەربڕینتان با هەبێت بەڵام نەگاتە ئەوەی کە زیانی بۆ جەستەم هەبێت، چونکە بەو نارەزایی دەربڕینانەتان دوژمن هێمن دەبێتەوە و دوژمن ئەوە دەخوازێت کە گلەیتان لەیەك هەبێت و نەبنە پشتیوانی یەکتر، کاتێکیش بزانێت کە ئازاری ئەم جارەی ئێوەش کراوەتە قوربانی جەستەی من، لێتان ناگەڕێت و بیانووی زیاتر دەگرێت، بەڵام دڵنیام کە ئێوە لەدڵسۆزیتان بۆ من دان بەخۆتاندا دەگرن و بە هەڤاڵانی خۆشەویستی پەکەکەش بڵێن کە سەد جار سڵاویان لێ بێت و ئەو دان بەخۆدا گرتنەیان لە بەرژەوەندی باشوری جەستەمدا وەبیر ناچێت و با نەبنە بیانوویەکی پوچەڵی دوژمن بۆ دەستدرێژ کردنیان بۆ باشوری جەستەم، هەروەها پێیان بڵێن کە ئەگەر بوونم سەلمێنرا سوێندیان بۆ دەخۆم بەناوی خۆم لەسنگی خۆمیان دەگرم، ئەوانیش وەك چۆن قەڵای خەبات و خاوەنی هەزاران شەهیدی سەنگەرن با شێوەی خەباتیان بگۆڕن بۆ هەوڵی دیموکراتیزە کردن و با بتوانن ڕۆڵەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەردەستەکانیشیان فێر بکەن کە تەنها لە دیموکراتیزە کردندا دەتوانن ئامانجیان هەبێت و بچنە ڕیزی دەوڵەتانی ئەوروپاوە ئەو هەنگاوە نەك تەنها بۆ تورکەکان باشە بۆ ڕۆڵەکانی منیش باشترە.

ئەمانە داوای منن کە نیشتمانی تۆم کە دایکی تۆم و دڵنیاشم هەرچەندە ئێوە پارتێکی بچوکیش بن دەتوانن هەڵوێستی کەڵ ئاسا و مێژوویی بنوێنن هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

لەوەش دڵنیابە حکومەتی هەرێم لەپێناوی پەروەردە کردنی ڕۆڵەکانمدا بە یەك چاو سەیرتان دەکات و هەرکاتێك ترس و بیانووی دوژمن و بێگانەکان نەما دڵنەوایتان دەداتەوە.

منیش چەپکێ گوڵاڵە سورەی خوێنی شەهیدان دەکەمە دیاری بۆتان

دایکی خۆت کوردستان

خالید عەلی فەرەج لە زمانی منەوە ئەم نامەیەی پێ گەیاندویت

khaledfaraj@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.